www.kurdistannet.org
6-2-2006 19:08بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەوەڵامی خەسرەومحمود كريم يەكێك لەدەروێشەكانی كاك بەختيار علی دا. . . ئامانج عەبدوڵا سوور

خەسرەومحمود ناوێك بە سی لاپەرە هاتۆتە جۆش وئاگری زیکری مەجلیسی دەروێشانی كاك بەختيار عەلی هەڵی گرتووەوكەوتۆتە وێزەی قەڵەم وبەیەكجار خۆی بەتاڵ كردۆتەوە وچی لەهەناویدایە رووپەرێكی پی قارسكردووە، ئەم بەدبەختی داماوە هێند كاك بەختيار وكاك شێركۆ كاريان تی كردووە بۆ هەر ووشەیەكيان گەیشتۆتە یەقین، ئەم كەلەدنیای رۆمان وچیرۆك وئەدەبیات دا خاڵیە قەت ناتوانم حاشا لەوەبكەم كەلە رازاندنەوەی جنێودا هێجگار قارەمانە، مەگەر سەری زێرابێك هەڵدەیتەوە هێندەی قەڵەمەكەی خەسرەوبۆگەنی لی بێت، بۆیە چەند جارێك بەشانازیەوە بەسوورە بانگم ئەكات!!!لی قارەمانێكی ئەوحزبەی كە ئەمرۆ كاك بەختياروكاك شێركۆی مامۆستا وشێخت دەربارن بۆی، بەهێزترین شێشمەرگەيان كەلەزیندانی بەعسیەكان ملی پەتی سێدارە توند كرا نازناوەكەی سوورەبوو برۆ زوو بەم بابەتەت دا بچۆرەوە گەر وات نیازە برادەران لەپاداشتی ئەم جنێوانەتدا ستایش وشاباشتكەن رەنگبی بەم وەڵامە رايان لەسەرت بگۆری، جارێكی تر رەوایە بزانی سوكايەتی كردن هەڵەی زەقیش هەڵ ئەگری، من كەتۆ ناناسم وبەهەموو تەمەنیشم لەم وەڵامەت زیاترم نەخوێندۆتەوە هەرگیز سوكايەتی بەناوە عارەبیەكەتەوە ناكەم قارەمان!!!بۆنمونو هەرگیز ئامادەنیم لەوەڵامی گێلە پیاوێكی وەك تۆدا دەم تێكەڵ بكەم وبە (خەسە گیان) ناوزەندت بكەم!!!

ئەوەی كەمن دانی پێدابنێم كەتۆ تیای دا راستی ئەوەیە كەهەڵەی زەقی چاپ وپەلەكردن بەبابەتكەمەوە دیارە لەم رووەوە سوپاست ئەكەم چونكە دەبوو بەپۆزش ئەم هەڵانە راست بكەمەوە لەراستیدا ووشەكانی شاری مۆسیقارە سپیەكە بەكۆپی وپێست كراوە جاتاخوارەوە هەڵە بووەو بەسەرما تێپەریووە، جەنجاڵیم لەنوسیندا دكتۆر موسای بابەك وسامیر بابلی ترشاندووە بەسەر یەكدا ئەمەشیان راستە ونكوڵی لی ناكەم!!

بەڵام تی ناگەم تۆ بۆ لەسەر فۆرمی بابەتەكە لەرووی ئەكادیمیەوە نەدواوی، من كە لەسەر ئەم بەرهەمە دواوم باش لەوەش حاڵی بووم كەكاك بەختيار چەند كاریگەری (ئەدەبی واقیعی سیحری) ی ئەمریكای لاتینی ورۆمانی كوخی مسس هابیت بیەسەرەوەیە، من دركم بەوە كردووە لەهەموو رۆمانەكانی بەختيار‌دا بەدوای ئەوەدا دەگەری لەنیوەیدا توشی دەهشەت بكا ولەكۆتاشدا بەكتوپر كۆتایی پی بێت كەئەمەش نۆرمی مۆباسان ە، لی كاكە خەسرەو شەلم كوێرم كەوتۆتە وێزەی نوسین وهیچ وەڵامێكی ئەكادیمی بۆئەم بۆچونە پی نیە. . .

ئنجا كاك شیركۆ بی كەس بەنمونە دێنێتەوە كە ووتویەتی باش بوو نەمردم فریاكەوتم ئەم رۆمانەی بەختيار عەلی بخوێنمەوە، ئەمەوێت حاڵیت بكەم كەشیركۆ بیكەس گەرلای تۆ كارێزمایە لای كەسانێكی وەك من تەنها شاعیرێكە كەدەریایەكە لەوشەسازیو هیچی تر ئەوەتا شیعرەكانی لەبری ئەوەی پربن لەئەفراندن هەڵبەت ئەم بەرهەمانەی دوایی دەڵێم پرن لەستایش وپیا هەڵدان هەر پارساڵ بوو لەفیستیڤاڵی گەلاوێژ قەسیدەیەكی خوێندەوە پەسنی فەرهاد سەنگاوی بێژەری ئەكرد!!!

جا شیركۆ وبەختيار پیرۆزی تۆبن باڵای تۆ هەركارێزما بن لای من تەنها گۆشیەكی ئەدەبیاتیان رازاندۆتەوە. .

تۆ يان زۆر گێلی بۆهەرس كردنی بابەتەكان يان بەتەواوی دەرویشی مل هەڵسوراوی دەنا من كەی سوكايەتیم بە رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەكانەوە) كردووە وبەسەریادابارییووم

کەباسی بەختیارم کردووە هەرگیز ئامادەنەبووم درۆ وبوختانی بۆرێك بخەم، کاك بەختیار کەزۆر بەزوویی هاتە ناو گەنجەوە ئەمرۆ دەربارە بەیەکێتی نیشتمانی کەدەسڵاتێکی ئەم هەرێمەیە، من چی بکەم تۆ بەدوادا چونت نیەودەروێشانە بابەتەکتانی ئەخوێنیتەوەوبۆجارێکیش چییە یاساکانی (ت. س ئەلیوت) جیڵا بەجی ناکەیت بۆ ناسینی نوسەر؟من چیبکەم تۆ نازانی بەختیار عەلیەکەی شێخت 450مەرتی زەوی ودەفتەرونیوێك دۆلاری لەدەسەڵاتی ئەمبەر حاسڵکرد؟

من چی بکەم تۆ نازانی بەختیار ئامادەیە لەم دەقیقەیەدا یەکگرتووی ئیسلامی بێت تەنها لەدژی پارتی!!کەچی کۆمەنیستەکانی ئەم شارە خوێنیان لی ئەچۆرا بۆ سانیەیەك ئەو هەڵوێستەی بۆ وەرنەگرتن بۆ خاتری ئەوەی دڵی یەکێی لی نەرەنجی؟؟

تۆ کە خۆت تەڵقین ناوە نەفام بیت هاتوویت تەشیر بەبابەتێکی منەوە ئەکەیت قاڵس بووی سوکایەتیم بەعارەبێکی پێپەتیەوە کردووە کەبەهەموو تەمەنیان وەك نەتەوە دوژمنمانن ئەم هەڵوێستەی تۆ رێك لە کورە موستەشارەکانی جاشان ئەچی!!نازانم گەر ژن وژنخوازیتان لەگەڵ عارەب کردبی وا ئەوەندە بەچەشنی کەڵەگای ئیسپانی هەراسا بووین ودنیات لی هاتۆتەوەیەك!!من کەبەکەرکوك دا تی ئەپەرم موچورکە بەهەموو لەشمادێت برینەکانم قەتماغە ناگرن عارەبەکان لەگفتۆگۆیاندا پێمان ئەڵێن بەدارخورماکاندا دیارە کرەکوك هی کییە؟؟ئێمە لەم گفتوگۆیانەدا زۆر جار بەشداری ئەکەین تۆی نەفام لەتورەیی قەڵەمێك تی ناگەیت؟!!

ئی خۆشێخەکەی تۆش هەر لەو رۆمانەی دا بەناوی جەلادەتی کۆترەوە نوسیویەتی (من رقم لەزمانی عارەبی بوو)

جا بی بنەما ئەوە رەت ئەکەیتەوە کە ئەوشارە نۆگرە سەلمان بێت. جاری من نوسیومە پی ئەچی نۆگرە سەلمان بێت.. زەحمەت نەبی ئەی لای تۆ کوێیە بەڵام بەبەڵگەوە؟!!!

من ئەڵێم نۆگرە سەلمانە ساڵی رووداوەکە لێك بدەوە 88دەکات، ئەفسەرەکان عارەبن، جێگەکە سەحرایە، ئافرەتی کوریش بە سۆزانی راگیراوە لەگەڵ بەدەویەکاندا ئەمەش ناسنامەی ئەنفالە پێی ئەوترێت غەنیمە...

کەدێیتە سەر خوێنەری کوشندەی بەختیار وشقارتەی من بائەم جیاوازیانەت لابی:

من کەبەم تەمەنی لاویمەوە پۆستی یەکەمم بەدەست هێناوە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر لەزانکۆی سلێمانی ئەم هەڵسەنگاندنە کراوە و (شقارتە) یەکەمی بەدەست هێناوە، بەڵام پرسیاری تۆ خاوەنی چەند شقارتەی لەوجۆرەی کەبەوشێوەیە بتوانی ئاگر لەچاوی دەیان ناحاڵی وکەفتەکارو بی سەلیقەی وەك تۆ بەربدات...

من لەشقارتەدا شەر لەگەڵ دەسەڵات ئەکەم کەتەقە لەرێپێوان ئەکات بەڵام پرسیارێکی تر تۆ ئەم وەڵامەی منت بۆ ئەوە نەداوەتەوە یەکێتی نیشتمانی شاباشت بکات؟؟؟

تۆ کەمن بەنوسەر نازانی پێم سەیرە هەموو بابەتەکانیشمت خوێندۆتەوە سوپاست ئەکەم ئێستا ئەزانم توانیومە وروژێنەر بم کەمەرجی سەرکەوتنی رەخنەگرە!!

تۆش بەهەڵەدا چویت من خەڵات نەکراوم بەڵکو لەوپێشبرکێیە یەکەم بووە بەرهەمەکەم..

من وەك تۆ شێخەکانت چاوەروانی خەڵاتی زەوی دەباشان ودەفتەرەدۆلار ناکەم، ئێوەش کۆری زیکرتان گەرم بکەن بەشاباش....